# کەناڵی ئاسمانی سەنای کوردی دەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانە

**چاوپیکەوتن لەگەڵ ئاسۆ کمال بەرپرسی کەناڵی ئاسمانی سەنای کوردیبەبۆنەی کردنەوەی لە رۆژی 9.9.2007**

**سەنای کوردی: سەرەتا پیرۆزبایی کردنەوەی کەنالی سەنای کوردی لەخۆمان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز دەکەین و بەم بۆنەیەوە پیّمان خۆش بوو لەگەڵتاندا وەك بەرپرسی کەناڵەکە قسەو باسێك بکەین تاکو بۆ خوێنەرانی رۆشن بکەنەوە کە ئامانجەکانتان لەکردنەوەی ئەم کەناڵە چیە؟**

**ئاسۆکمال: بێگومان ئەمە مژدەیەکی خۆشە بۆ سەرجەم ئەو ئینسانانەی کە دەیانەوێت دەنگ ورەنگی ئازادیخوازان ببیستن.ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان بکەینە دەنگی خۆی لە کەناڵێکی ئاسمانیەوە هەبێت و میدیایەك کەدەنگی ئەم کۆمەڵگە مەدەنیەبێت لەکوردستاندا بکەینەخاوەنی دەسەڵاتی چوارەم .ئەو دەنگ وخواستانەی خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ هەیانە بۆ باشترکردنی ژیانیان ،ئەو نارەزایەتیانەی بەرامبەر بە نەبونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی هەیانە،خەلك نایانەوێت وابەستەی نادیاری ئایندەی سیاسی و بێهودەیی چاوەروانی سیاسەتەکانی ئەمریکا و فیدرالیزمی شکست خواردوودبن وەك لە کاتی بەیکەر – هاملتن بینیمان،وە لەمەیدانی کۆمەڵایەتیدا هاتنەدەنگی دژ بەسیستەمی پیاوسالاری دەبینین کە ژنان و خەلکی ئازادیخواز لەم ماوەیەدا نیشانیان داوە،ئەو تورەیی و خۆپیشاندانانەی گەنجان دەری دەبڕن . لەمەیدانی فکری و فەرهەنگیدا رۆژنامەنوسان و هونەرمەندان لە دژی بیروڕای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و عەشیرەتی دەسەڵاتن و تەعبیر لەبیروباوەری مۆدێرن دەکەن.ئەم کەناڵە دەیەوێت ببێتە مینبەری ئەونارەزایەتیانە و تریبون و بڵندگۆی ئازادی ویەکسانی بێت لە کوردستاندا.**
**ئەم کەنالە دەیەوێت باسی راستیەکانی ژیانی خەلك بکات و بڵێت کە دریم لایف ودریم سیتی بۆ دەسەلاتدارانە و خەڵك لە سایەی گرانی و نەخۆشی و کرێچیێتی و بێ ئومێدی دا دەژی.دەمانەوێت دەنگی هەموو ئەو ناڕەزایەتیانە بکەینە فشارێك بەسەر دەسەڵاتەوە و هاوشانی میدیا ئازاد وسەربەخۆکانی تر لەبواری رۆژنامەوانی و رادیۆیدا بتوانین ئەو فشارە بگەیەنینە ئاستی دەسەڵاتی چوارەم بەرامبەر بەدەسەڵاتێکی نامەدەنی کە لە کوردستاندا رێگەی لەم ئازادیانە گرتوە.**
**بەکورتی ئەم کەناڵە خزمەت بە خواستی مەدەنی و عەلمانی و ژیانیکی باشتری خەڵکی کوردستان دەکات و دەیەوێت ئەم پیداویستیەی کۆمەڵگەی مەدەنی دابین بکات کە دەنگی مەدەنی خەلکی کوردستان بکاتە فشار و دەسەلاتێك بەرامبەر بە دەسەڵاتی نامەدەنی ئێستا و وەسیلەیەك بێت بەدەست خەڵکەوە بۆ گۆڕینی ئەم وەزعەی ئێستا بەسەریدا سە پێنراوە.**

**سەنای کوردی: ئایا بەرنامەکانتان چی دەبێت؟**
**ئاسۆ کمال: ئیمە دەمانەوێت بەرنامەی هەمەلایەنە و گشتی پێشکەش بکەین کە سەرجەم بوارەکانی ژیان و کێشە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان بگرێتە خۆی. لەسەرەتاوە زیاتر لە ستۆدیۆدا بەرنامەکانمان ئامادەدەکەین بەڵام هەوڵدەدەین لە ماوەیەکی کەمدا بگوێزینەوە بۆ دەرەوەی ستۆدیۆش.بەرنامە سەرەکیەکانمان بریتی دەبێت لە باس وخستنەڕووی کێشەکانی ژیان و گوزەرانی کریکاران ، فەرمانبەران وبێکاران و چینە ژێردەسەتەکانی کوردستان و داواکاری ونارەزایەتیەکانیان بگەیەنین بەهەموو لایەك و لەم رێگەیەوە پشتیوانیان بکەین و بەشداربین لە هەوڵی سەرخستنی خواستەکانیاندا.لەسەر مەسەلە کۆمەلایەتیەکانی ژنان کە دەزانین چ دیاردەیەکی دزیۆی کوشتنی ژنان بەردەوامە و**

دەمانەوێت دەنگ و فشار لەسەر دەسەلات بەردەوام بکەین تا گۆڕینی قانون و هەنگاوی عەمەلی بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە.هەروەها لەسەر خواستی لاوان و مافەکانی منالاّن و خواستە کۆمەلایەتیەکانی تر بەرنامەمان دەبێت. لەسەر برەودان بە فەرهەنگ و هونەری مۆدێرن و پێشکەوتوو و رەخنە لە داب ونەریت وفەرهەنگی کۆنە پەرستانە وە هەروەها گرنگی دەدەین بە بلاوکردنەوەی گۆرانی ومۆسیقا وکاری هونەریش . هاوکات لەسەر مەسەلە سیاسیەکانی کوردستان و خویندنەوەی ڕووداو و پیشهاتەکان وریگاچارەکانی کاری جدیمان دەبێت.

سەنای کوردی: خەلّك چۆن دەتوانن بەشداری بکەن لەبەرنامەکانتاندا؟

ئاسۆ کمال: ئێمە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی سەنای کوردی ژمارە تەلەفۆنی 00447760131203 و ئیمەیلی سەنای کوردیمان sanatvkurdi@yahoo.comمان بلاّوکردۆتەوە کە هەموو کەسێك دەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات و لە پێشنیار و تیبینیەکانی خۆی ئاگادارمان بکاتەوە. لێرەوە بانگەوازی هەموو کەسێك دەکەین کە دەیەوێت ئەم دەنگەی کۆمەلگەی مەدەنی کوردستان بەرزبکاتەوە هاوکاریمان بکات ، چ بەرناردنی بەرهەم بێت یا پیشنیار بێت یان کۆمەکی فەنی ومادی بێت. هونەرمەندان دەیانەوێت لەبەرنامەکاندا بەشداری بکات کار وبەرهەمەکەی باس بکات لەگەلماندا ئێمە پێشوازی لێدەکەین. دەرگای ئێمە کراوەیە بۆ ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دادەنێین .ئێمە هاوکاری و تەنسیق لەگەلّ رۆژنامە و میدیا ئەهلی و ئازادەکان و رۆژنامەنوسان و پەیامنیران بەگرنگ دەزانین و دەتوانن لەبەرنامەکانماندا بەشداری بکەن. ئێمە مینبەر و تریبونی هەموو ئەو کەسانەین کە نارازین بە هەلومەرجی ئێستای ژیانیان و خوازیاری دەسەلاتێکی مەدەنی و سکۆلار و دنیایەکی باشترن و دەرگای سەنای کوردی بۆ هەمووان کراوەیە و پێشوازی گەرمیان لێدەکەین.

سەنای کوردی : دوا پرسیارمان ئەوەیە کە پەیوەندیتان لەگەلّ بەشی عەرەبی و ئینگلیزیدا چۆنە؟

ئاسۆ کمال: ئێمە یەك ئامانجی هاوبەشمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەسەلاتێکی مەدەنی وعەلمانی لەعیراق وکوردستاندا دابمەزرێت و ژیانێکی باشتر بۆ خەلّك دابین بکرێت کە دوور لەشەڕ و داگیرکاری وتیرۆریزم بێت، هەربۆیە پەیوەندیەکی نزیك لەنیوا نماندایە وهاوکاری نزیکی یەکتردەبین لە سەرخستنی ئەم بەرنامە هاوبەشەماندا.

EMAIL:sanatvkurdi@yahoo.com, TEL:00447760131203

***Channel 6 ,Satellite: Hotbird 8 , Orbital Position: 13 degrees East , Transponder: 14 ,Downlink Frequency: 11 470 , Downlink Polarity: Vertical***

***FEC: 5/6 Symbol Rate: 27,500***

Time: Sun 11-12pm(Kurdistan time),Monday:11-12am and 5-6pm